سامانە سروشتییەکان: تاوەکو ئێستا نەوتە پاپشتکراوەکەی عێراق نەگەیشتووە

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم رایگەیاند، تاوەکو ئێستا نەوتە پاپشتکراوەکەی عێراق نەگەیشتووە، سەرباری ئەوەی بەیاربوو لەم هەفتەدا وەزارەتی نەوتی فیدراڵ نەوتی سپی پاپشتکراو بە هەرێم بنێرێت.

ئەمڕۆ یەکشەممە، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم رایگەیاند، بەیاربوو لەم هەفتەدا وەزارەتی نەوتی عێراق نەوتی سپی پاپشتکراو بە هەرێم بنێرێت بەڵام تا ئێستا بەدەستیان نەگەشتووە و لەگەڵ گەیشتنی نەوتەکە دەست دەکەن بە دابەشکردنی.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئاماژەی بەوەش کرد، لەگەڵ گەیشتنی نەوتەکە دەست دەکرێت بە ڕێکارەکانی دابەشکردنی بەسەر هاوڵاتیاندا.